# خاتو نەسرین بەرواری لەبەردێلی کەرکوکدا بوە خەلاتی کوردەواری!!

**کوردە گەلاوێژ**

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە کە خاتوو نەسرین بەرواری وەزیرە ژنی حکومەتی عێراقی تازە، شوی بە سەرۆک کۆماری عێراق "غازی ئەلیاوەر" کردووە، کە ئێستا بۆ سەردانێکی فەرمی رووی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کردووە، هەندێ دەنگو باسی واش لە ئارادایە کە خاتو نەسرینیش لەگەڵ ناوبراو هاتۆتە دەرەوە.

بۆ ئەوەی هەندێ کەسی لایەنگری حزب و دەروێشەکانیان ناوەڕۆکی بابەتەکەم چەواشە نەکەن و نەشێوێنن، بە پێویستی دەزانم سەرەتا زۆر بەکورتی بیر و بۆچونی خۆم لەو بارەیەوە وەک ژنێک ڕوون بکەمەوە کە بریتیە لەوەی خوارەوە؛

بەڕای من زۆر زۆر ئاساییە ژن و پیاوێک کە هاو زمان و هاو ڕەگەزی یەکتری نەبن شوو بەیەکتری بکەن و ژیانێکی ئاسایی وەکو هەموو کەسەکانی تری سەر ئەو زەمینە بەڕێوە ببەن، هەروەها من وەکو هەندێ کەسی بەناو ناسیۆنالیستیش بیر ناکەمەوە کە نابێ کچێکی کورد شوو بە کابرایەکی عەرەب بکات هەرچەندە سەرۆک عەشیرەتیش بێت. نەسرین بەرواریش مافی خۆیەتی و زۆر ڕەوایە شوو بە کەسێکی وەک "ئەلیاوەر" بکات.

بەلاَم ئەوەی کەمن لێی تێناگەم و وەک ژنێک ڕەخنەی لێ ئەگرم ئەوەیە کە خاتوو "نەسرین" کەسایەتیەکی ڕۆشەنبیر و دکتۆرە، هەروەها لەناو ژنانی کورد و عەرەبدا ناسراوە، لە هەموویان گرنگتر ئەم خانمە گەلێک جار لە کۆڕوو کۆبونەوەکاندا خۆی وەک داکۆکی کەرێک لە مافی ژنان و داوای گەڕانەوەی ژن دەکات بۆ گەوهەری خۆی کە دادوەری و یەکسانیە. بەلاَم ئەم خانمە شوو بە کابرایەک دەکات کە دوو ژنی دیکەی هەیە، ئایا ڕەوایە کە ژنە ڕۆشەنبیرو داکۆکی کەرێکی ژنان وەک خاتوو "نەسرین بەرواری" شوو بە کەسێک بکات کە هێشتان دابوو نەریتی دوو، سێ و چوار ژن هێنان بە کرداری پیادە دەکات، ئایا فرە ژنی کردەوەیەک نیە کە بە ئاشکرا مافی ژنان بن پێ دەکات و نوێنەرایەتی سیستەمی باوک سالاری و ئاغایەتی دەکات، کە ڕۆژانە ژنانی کوردسان بەدەستی ئەو سیستەمە دەسوتێن و خۆیان دەسوتێنن و دەکوژرێن یان ڕووبەڕوی دەستدرێژی دەبنەوە؟.

جگە لەوە باس لەوەش دەکرێ کە خواسبێنیەکەشی نەک لە باوک و براو بنەماڵەی خانم "بەرواری" بەڵکو لەلای کاک "مەسعود بارزانی" کراوە، ئەمەش لایەنێکی تری مەسەلەکەیە کە بۆ مرۆڤی ڕوون دەکاتەوە تاوەکو ئێستاش سەرکردە و کەسایەتیەکانمان چەند پێشکەوتوون!!.

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژانە لافی نەتەوەپەرستی لێ دەدات و بەو شێوەیە دەیەوێ داهاتووی خۆی پاک بکاتەوە، لەژێر ناوی یان کەرکوک یان هیچ نا، یان کوردستان یان نەمان و خۆ حەشاردان لەژێر ئالاَی کۆماری مهاباد سەرنجی جەماوەر بۆخۆی ڕادەکێشێ، بەلاَم کاتێ سەیری کار و کردەوەو ناوەڕۆکی پارتی دەکەین بە ئاشکرا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ پەیوەندیەکانیان بە وولاَتپارێزی و نەتەوایەتیشەوە نیە، پارتی و یەکێتی دوو حزبی ئۆتۆنۆمن و جگە لە داهاتوی بنەماڵەیی و ناوچەگەری بەرتەسک بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە، بەرپرسیارانی پارتی و یەکێتی لە ناوەوەی کوردستان لەسەر کەرکوک و سەربەخۆیی کورستان شەڕ دەکەن بەلاَم کاتێ دەچنە ولاَتێکی وەک تورکیا بە ئاشکرا ناحەقی بەرامبەر بە بزووتنەوەیەکی تری ئەو پارچەییەی کوردستان دەکەن، ئایا لافی سەربەخۆیی و کەرکوکتان چەندی بە چەند؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com